# دایکە زەوی و شێوازە مەتاتییەکەی بنیاتنانی ئازادیی مرۆڤ

## کەڤین بەگیخانی

تێبینی خێزان: ئەم پەیپەرە لە چوارچێوەی کۆرسێکی زانکۆی لێیدن دەربارەی 'تیۆری کۆمەڵایەتی لە ژیانی ڕۆژانەدا' کە لە لایەن دکتۆر ئایاس گاندییەوە وتراوەتەوە و مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ ئامادە کراوە.

"دژەجوولەکەیی (نەك تەنها ڕق هەڵگرتن لە جوولەکە) ئیمپریالیزم (نەك تەنها داگیرکاری)، تۆتالیتاریی (نەك تەنها دیکتاتۆریی) هەریەك لە دوای یەك، هەریەکە و دڕندەتر لەویتر ئەوە نیشان دەدەن شکۆی مرۆڤایەتی پێویستی بە گەرەنتییەکی نوێ هەیە. گەرەنتییەک کە دەکرێت تەنها لە پرەنسیپێکی سیاسی نوێدا بەدی بهێنرێت، لە یاسایەکی نوێدا لەسەر زەوی کە ئەمجارە ماهییەتی هەموو مرۆڤایەتی بگرێتەوە، لەکاتێکدا پێویستە هێزەکەی بەتوندی سنورداربکرێت، ڕەگەکەی بچەسپێنرێت و لە لایەن چەند قەوارەیەکی تازەوە کۆنترۆڵ بکرێت."

(هانا ئارنت لە کتێبی بنچینەکانی تۆتالیتاریانزم)

لە کتێبەکەی بە ناونیشانی "دۆخی مرۆڤ" هانا ئارنت بەشێوەیەکی بنچینەیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژیانێکی پڕجووڵە و چالاك مەرجی بنەڕەتی بوونی مرۆڤە، بەرای ئارنت ئەمەش لە سێ بەشی جیاواز پێك دێت: هێزی کار، کارکردن و کردار. لەسەر بنەمای ئەم خاڵانە باس لەوە دەکات کە پرۆسەیەك بە ناوی "نامۆبوون بە جیهان" لە گەشەسەندن دایە، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان و جووڵەی بەکاربردنەوەیە کە سووتەمەنیەکەی بەجیهانیبوونی سیستەمی سەرمایەدارییە. ئێستا بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکانە بخەینە چوارچێوەی کۆمەڵگا و ژیانی ڕۆژانەوە، ئارنت دەڵێت دروستکردنی (واتە گەشەکردنی هەنگاو بە هەنگاو) شارستانیەتە گەورەکان (واتە کۆمەڵگاکان) بە شێوەیەکی بەرچاو موڵکداری لە موڵکی تایبەتییەوە (بنەماڵەییەوە) بۆ موڵکی گشتی گۆڕی، ئەمەش لەناو کۆمەڵگەدا بەرجەستە کراوە.

لێرەدا ئارنت دەڵێت لەناو گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا یەکسانی، جگە لە یەکاسانیی لە پێگەدا، بە هیچ شێوەیەک بەمانای یەکسانیی ئەندامەکان دژی ستەمکاریی باوك نایەت، جگە لەوەی لە نێو کۆمەڵگەدا کاتێک ژمارەکان بە ڕێژەی پێویست بۆ زیادکردنێکی بێشوماری هێزی سروشتی گشتی و نەناسراو لەبەردەستدان، دەکرێت لەگەڵ دەسەڵاتدا دابەشی بکەین کاتێک لەلایەن کەسێکەوە جێبەجێ بکرێت کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی باو و گشتی، ڕایە دروستەکە، بکات. دیاردەی گونجاندن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەی کۆتایی پەرەسەندن. قسەکە لەوێدایە کە دەڵێت کۆمەڵگە بە هەموو ئاستەکانیەوە ڕێگری دەکات لە ئەگەری ڕوودانی هەر کردەیەك کە پێشتر حوکمی ماڵەوەی دەکرد. هەریەك لە ئەندامەکان بەپێچەوانەی ئەوەوە داخوازی ڕەفتارێکی دیاریکراویان لێ دەکرا، چەندین یاسای بێشوماریان بەسەردا دەسەپاندن. هەموو ئەوەش بۆ ئەوە بوو ئەندامەکانیان ئاسایی بکەنەوە تا بەدروستی کار بکەن و ئاماژە خۆڕسکەکان یان جوامێریە نائاسایەکان لەناو ببەن.

زیاد لەمە و لەهەمووی گرنگتر، بەر لە هەوڵدانمان بۆ شیکردنەوەی ئەو بیرکردنەوانە، بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ لە ئایدیا سەرەکیەکانی بیردۆزی کۆمەڵایەتی و ژیانی تاکەکان و پەیوەندییان بە هزری کۆمەڵگەوە، زۆر گرنگە کە ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرین. لە کتێبی (ژیانی ئەقل) ئارنت باس لەوە دەکات کە بۆ ئەوەی ببیت بە مرۆڤێکی کامڵ، کرۆکی بیرکردنەوە (بەمانای، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە خۆمان و چواردەورمان) زۆر گرنگە، یان بە واتایەکی دیکە، بوون (وجود) بەم وتانە گەمارۆ دراوە:

"کاتێك مەیل بۆ واتا لەدەست دەدەین، بیرکردنەوە بانگهێشت دەکەین و هەڵەکە دەقۆزینەوە بۆ پرسینی پرسیاری بێ وەڵام، لێرەدا تەنها ئەو توانایانەمان لە دەست نادەین بۆ

دروستکردنی ئەو بیرکردنەوە و شتانەی کە پێی دەڵێین کاری هونەری، بەڵکو توانای پرسینی هەموو ئەو پرسیارە وەڵامدارانەش لەدەست دەدەین کە هۆکاری بنیاتنانی هەموو شارستانییەکان بوون."

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوانەی پێشتر باسمان کرد، زۆر بە گرنگی دەزانم وەك پێشەکییەك بۆ ئەم وتارە، هەوڵ دەدەم هەموو ئەو بیرکردنەوە و ئایدیایانە لەناو چوارچێوەیەکی سنوری کەسیدا بگونجێنم، بەهۆی ئەوەشەوە دەتوانم ئەو تێگەشتنە لەناکاوانە بەرجەستە بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم ئەم ئارگیومێنتانەی خوارەوە بخەمەڕوو:

پێموایە "مۆدێرنیتێ" (واتە پەرەسەندنی باڵای پیشەسازی، نوێبوونەوە، دەست گرتن بەسەر کۆمەڵگەی سەرمایەداریی کە ئێستا تێیدا دەژین لە بەشێکی گەورەی جیهانی ڕۆژئاوا و لەم شیکاریەشدا لە هۆڵەندادا) دەشێت بە خەنجەرێکی دوودەم بچوێنرێت و بەرجەستە بکرێت. چونکە لەڕاستیدا مۆدێرنیتێ چەندین ئامراز و سەرچاوەی جیاوازی ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ شارستانیەتییەکانی دیکە و پەرەپێدان بە خۆمان لە ژینگەیەکی فرەنەتەوەییدا بۆ فەراهەم کردووین. هەرچەندە هەر هەمان مۆدێرنیتێ ئاسانکاری بۆ ئەم داهێنانان و گەشەسەندنە تۆزە ئەرێنیانەی کردووە، بەهەمان شێوەش کاریگەری نەرێنی (لەوانەیە زیانبەخشیش) لەسەر تاك داناوە و ژیانی سنوردار کردوون، بەتایبەتی لە ڕووانگەی ئاستە بچوکەکەی تەندروستی دەروونیی تاکەکان، هەستی قایلبوون، وابەستەبوون لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتی و بەرکەوتن و کارلێککردن لەگەڵ تاکەکان.

دەتوانیت ئەم دەرئەنجامە زیانبەخشانە بە چەندین شێواز و ڕەهەندی جیا لەناو کۆمەڵگەدا ببینیت. بۆ باسکردنی نمونەیەك دەتوانین باسی بەرزبونەوەی ڕێژەی نیگەرانیی دەروونی [خەمۆکی] بکەین بەهۆی کارکردن، بورانەوە، نەخۆشیەکانی دڵ، ئاستی پەستان لەسەر تاکەکان، هەروەها زۆر بوونی ڕێژەیەکی بەرچاوی دەرمانی دژە خەمۆکی (هێورکەرەوە) لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا سەرمایەداری و پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوادا.

بۆ ئەوەی کۆنتێکستوالیزەی بابەتەکە بکەم [بارودۆخ ڕەچاو بکەم] لە شیکردنەوە و بیرکردنەوە لەمەڕ ئەم بابەتە، سوود لە ئەزموونی کەسیی خۆم و بەرکەوتنەکانم لە هاوینی ڕابردوودا لە کاتی یەکێك لە ئینتێرنشیپەکانم لە ئەکسێنچەر دەبینم، لەسەر ئەوە توێژینەوەیەکم ئامادەکرد و پێشکەشی ڕێکخراوی 'مۆڵگەی بەهرەی پەنابەران'. ئەوەی گرنگە لێرەدا سەرنجی ئەوە بدەین ئەوەیە ئەکسێنچەر کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاریی فرەنەتەوەییە لە ئەمستەردام، واتە لە باشوری هۆڵەندا( بەشێکی سەرەکی باشور) کە ناوچەیەکی بازرگانییە و بە "سەرچاوەی داراییی" ناسراوە و ملیارەها کۆمپانیای فرەنەتەوەیی تێدایە، دەتوانین بڵێین

یوتۆپیایەکە بۆ سۆسیالیست و چەپڕەوەکان، ئەو شتەی کە کارل مارکس خەونی پێوە دەبینی.

پێموایە سنوری ئەم ئاماژانە پەیوەندییان بە بابەتی گفتوگۆکەمەوە هەیە چونکە بەچاوی خۆم بینیومە و هەستم پێکردووە کە چۆن خەڵکی دەخەنە ژێر فشارەوە تا لەو ژینگەیەدا کار بکەن و چۆنیش کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی تایبەتییاندا. بۆنمونە ئەوەی بەلایانەوە گرنگە هەیانبێت قاتی شیك و کاتژمێری گرانبەهایە، یان باسکردنی پشووە خەیاڵیەکانیان و پلانەکانیان بۆ کڕینی بەلەم و ئۆتۆمبیلە، زۆر لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەمانە دڵخۆش نین و لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان هەرگیز هەست بەوە ناکەن. پێش ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەم لەسەر گەیاندنی مەبەستەکەم بە باسکردنی چەند نمونەیەك، ڕەنگە وتەکەی میڵس لە کتێبی "خەیاڵی کۆمەڵناسی" ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە چۆن دەکرێت ئەمە دۆخە دیاردەی گەورەی کۆمەڵگاکەمان بێت. (بە واتایەکی تر، لێرە بە تایبەتی کرێکاران) ڕەنگە کاریگەربووبن بە چەند هێزێکی دیاریکراوەوە کە خۆشیان زۆرجار ئاگاداری نین و ناشزانن ئەم کۆمەڵە هێزانە لە کوێوە دێن.

وەك میڵس دەڵێت هەستکردن بە زیادبوونی کاریگەریی هێزێکی نادیار لەناو خۆیاندا کە ناتوانن بیناسێنن، پاشان ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات کە چۆن مەترسیە سەرەکییەکە لە دژی مرۆڤایەتی، هەر ئەو هێزە سەرکێشانەی کۆمەڵگا و سەردەمەکەن، لەمانەش شێوازە نامۆکانی بەرهەمهێنان و تەکنیکە شاراوەکانی سیاسیە داگیرکەرەکان. سەرەنجام ئەمانە سروشتی مرۆڤ و بارودۆخ و ئامانجەکانی ژیانیان گۆڕیوە. بۆ ئەوەی ئەم بابەتە ببەستینەوە بە وێنە گەورەکەی دایکە زەوییەوە کە لەم وتارەدا بوونی هەیە، هەوڵمداوە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هاوسەنگیی سروشتی چەندە گرنگە بۆ پرۆسەی سروشتی مرۆڤ و توانای گەشەی تاکەکان. چونکە مارکس و ئارنتیش جەختیان لەسەر ئەوە کردوەتەوە کە گەشەسەندنی زانست ئەگەری ڕووداوی ترسناك و نامۆی بۆسەر ژیانمان وەك مرۆڤ لەسەر گۆی زەویدا هەیە.؛ نەك هەر ئەوە بەڵکو کاریگەری لەسەر توانای گەشە و مانەوە و ئارامیی دایکە زەوی-ش دەبێت.

لەگەڵ ناڕوونی شێوەی ئەم هێزە بگۆڕانە، دورکایم لە "یاساکانی ڕێگای کۆمەڵناسی" باس لەوە دەکات، دەشێت ئەگەر ئەو ئامادەباشییەی تێماندایە هێندە هاوکارمان بێت لەوەی کە ئەو فشارە گەورەی لەسەرمانە و ئەزموونی دەکەین بشارێتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ڕیشەکێشی بکات. بۆیە تەنها لەبەرئەوەی ئێمە هەست ناکەین هەوا کێشی هەبێت، مانای ئەوە نییە کە ئەو کێشە وجودی نییە.

ئێستا ئەو پرسیارە گرنگەی دەبێت لەخۆمانی بپرسین ئەوەیە: چۆن دەکرێت لە کاتێکدا ئەوە دەزانین کە چەند هێزگەلێکی دیاریکراو هەن بەشێوەیەکی جەوهەری و نەرێنی کاردەکەنە سەر ژیانمان، بەڵام هەمووشمان لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەست و ملکەچی ئەو هێزانە بین؟

بە شێوەیەکی دیکە، ئایا بە تێگەیشتنمان بۆ ئازادیی ڕاستەقینە (بە مانایەکی دیکە، بە پارێزگاریکردن لە مافە بنچینەییەکانمان بەهۆی سەروەری یاسا و توانای بەشداریکردن لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا) دەتوانین خۆمان لەم هێزە نادیارانەی ژیانیان لێ سنوردار کردووین ڕزگار بکەین؟ باشە ئەگەر ئەم هێزە شاراوانە هێندە ترسناکن و نەرێنیین ، چی هانی خەڵک دەدات بە شێوەیەکی بەردەوام و بەکۆمەڵ برەویان پێ بدەن؟

ئەمە دەتوانرێت تاڕادەیەك لەلایەن ئەم بیرۆکە بنچینەییانەی مارکسەوە وەڵام بدێتەوە، بۆنموونە "بۆ کار، جموجۆڵی ژیان، خودی ژیانی پڕبەرهەمیش، هەر لە سەرەتاوە وا بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت کە تەنها هۆکارێکە بۆبەدەستهێنانی پێداویستییەك، پێداویستییەك بۆ مانەوە و بوونێکی ڕووکەش." سەرەڕای ئەوەش هەر وەك دەڵێت "ئەوەی ئاژەڵە دەبێتە مرۆڤ و ئەوەشی مرۆڤە دەبێتە ئاژەڵ." ڕەنگە یەکێك بڵێت چۆن ئەمە دەگونجێت لەگەڵ ئەو "ئازادییانەی" کە ئێمە لە جیهانی ئازاددا چێژی لێ دەبینین، لە کاتێکدا ڕەنگە ئیتر بەتەواوی مرۆڤ نەبین و خۆمان بەپێی ئەولەویەت و ئاشتی خۆمان پەروەردە بکەین؟

بۆ ئەوەی بەکورتی مانیفێستۆی مارکس بوروژێنین کە تێیدا ناکۆکییە ناوەکییەکانی سستەمی سەرمایەداری ڕوونکراوەتەوە، پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت - لەناو ژینگەی بازرگانی سەرمایەداریی باشوری هۆڵەندا- قەیرانی ئابووری تەنها لەناو ئەم سیستەمی کۆمەڵایەتییەدا باو نیە، بەڵام ڕەنگە زۆر لەوە گرنگتر بەرهەمهێنانەوەی بێت (کە دەتوانرێت لە چەندین خولی جیاوازدا ببینرێت) کە لە نامۆبوون و دۆخەکانی چەوساندنەوە بەرجەستە دەبێت. ئەمەش وەك دەرئەنجامی مۆدێرنیتێ و سەپاندنی چەند شێوازێکی ژیانکردن بەسەرتاکەکاندا لە چەند کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەردەکەوێت. لێرەدا تیم ئینگۆڵد پرسیارێکی گرنگ دەکات ئەویش، "ئەگەر ڕەفتارەکانمان بەهۆی چەند یاسا و نۆرمێکەوە بەڕێوەبچن، چ دەسەڵاتێك مافیان پێ دەدات و چۆن لە چوارچێوەی دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراوی وەک هۆڵەندا جێبەجێ دەکرێن؟"، بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ دەیبینین.

لەکۆتاییدا پێش ئەوەی بەرجەستەی ئەوە بکەین کە لە چوارچێوەی ئینتێرنشیپەکەم لە ئەکسێنچەر باسمان کرد، سیمێل هەستی بە خاڵێکی گرنگ کرد لە سەر ئەو ئازادییەی ( یان باشترە بڵێین لەسەر کەمیی ئازادی) تاکەکان، بەتایبەتی لە پەیوەندیان بە جلوبەرگیانەوە وەك گوزارشتێک لە دۆخ و کولتور و دەربڕینە کۆمەڵایەتییەکان.

سیمێل دووپاتی دەکاتەوە: "فاشیۆن فۆڕمێکە بۆ لاساییکردنەوە و یەکسانکردنی کۆمەڵایەتی، هەندێك لە تاقمە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لەوانی دیکەیان جیا دەکاتەوە. پڕۆسەیەکە لەگەڵ زیادبوونی ساماندا خێراتر دەبێت. ئێستا بۆ ئەوەی ئەمە ببەستمەوە بە مامەڵەکردنم لەگەڵ ئینتێرنشیپەکەم لە ئەکسێنچەر، هەستم بە پڕۆسەگەلێکی ئاڵۆز کرد کە وادیارە بەگشتی و لەم پێشبڕکێ توندە و بارە کۆتاییەی بازرگانی سەرمایەداریدا بەردەوامی پێدەدرێت. جگە لەوەی دەکرێت دەرك بەوە بکرێت کە چۆن زۆرینەی کرێکارەکان بە گاڵۆن قاوەو و دەرمانیان دەخواردەوە، بۆئەوەی کارەکانیان تەواو بکەن و بیسەلمێنن ئەوان لە پشت پەڕەکانی ئێکزڵ و لاپتۆپە هونەریەکانیان کە کۆمپانیا بۆی دابین کردبوون کاراترین و زیرەکترین.( واتا، سەرمایەداری خۆی سیستەمی سەرمایەداری بەهێز دەکات وەك مارکس دەڵێ) بەڵام بەتایبەتی هێماکانی کۆمەڵایەتی، بەریەککەوتنی نێوان کرێکاران و پێشەوا ئاینیەکان لەو کاتەدا هەستپێکراو بوون. بۆنموونە دەتوانین بڵێین زۆرینەی پیاوەکان هەوڵیان دەدا قاتی ڕێکپۆش بپۆشن، باشتر بڵێین هەر ڕۆژە و بۆینباخێك بپۆشن، دەتوانیت ئەوە ببینیت چۆن جلوبەرگی خۆیانیان بە هاوکارەکانیان بەراورد دەکرد. بۆ نمونە بۆئەوەی ئەمە ببەستینەوە بە وتەکەی سیمێل-ەوە وەك هۆکارێك بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لەوانی دیکە، ئەگەر کار بەو لۆجیکە بکەین، ئەوا بەڕێوەبەری بەشەکانی گەیاندن و گواستنەوە نەیاندەتوانی قاتێکی نارێکتر یان کاتژمێرێك و پێڵاوێکی هەرزانتر لەهی ئەو کرێکارانەی کە سەرپەرشتیان دەکردن بپۆشن. هەمان شت بۆ خانمان و هاوکارەکانیشیان ڕاست بوو.

ئێستا ڕەنگە زۆربەیان حەز بکەن زۆر بە جوانی و شیکی خۆیان جوانپۆش بکەن، وایان پێباشە کە هەر ڕۆژە و قاتێك بپۆشن و هەوڵبدەن سەرنجی هاوکارەکانیان بەو پشووە ناوازانەی کە پلانیان بۆ داڕشتوە ڕابکێشن. هەرچەندە بە پێی بیروبۆچوونی خۆم منیش هەست بە کاریگەری ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە دەکەم، بەدڵنیاییەوە دەبێت لە نێو ئەم کۆمەڵگە گەورەسەرمایەدار، ماتێریالیست و بەکاربەرانەی لەئێستادا تێیدا دەژین زیاتر ببینرێت. سیستەمێك توانای ژیان و مانەوەی پەیوەستە بە پشتگیریکردن لەم سیستەمە و لە کردار و یاساکانیان، هەروەها لەڕێگەی کارلێکی چەند پیشەسازی و ڕێکخراوی (حکومی)، ڕاگەیاندن و بریکاری بازاڕگەریەوە بنیاتنراون. لە هەمووشی گرنگتر ئەمانە بەکۆمەڵ لە لایەن کەسانێکی دەست ڕۆشتووەوە بەهێزکراون. بۆنموونە دەتوانین وەك شێوەی هێزە نامۆکان بیانبینین کە کاریگەریەکی زۆریان لەسەر ژیانمان هەیە. دەبێ دان بەوەدا بنێم لە ڕۆژە سەرەتایەکانی ئینتێرنشیپەکەمدا، هەستێکی خۆشم هەبوو لەو ژینگە بازرگانییە خەیاڵیەدا، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی وا هەستم دەکرد کارێکی زۆر گرنگ ئەنجام دەدەم و کە دواتر دەبێتە مایەی گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە ژیانی پەنابەراندا. بەڵام وردو وردە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە لەو

ژینگەیەدا چەند هەست بە نائارامی دەکەم، چونکە زۆرینەی خەڵکی زۆر ناڕاستگۆ بوون لە کردار و ڕەفتاریاندا. دەمتوانی کەسایەتیی و دڵسۆزیی زیاتر لەپشیلەکەی دراوسێکانمدا وەك لە ئەواندا بدۆزمەوە. ئایا ئەمە ئەو پرۆسە فراوان و دوو چینەی نامۆبوونە کە مارکس باسی لێوە دەکات؟ پێم وابێت وایە، چونکە هەر نامۆ نەبووم بە خودی خۆم، بەڵکو کردوومە بە پرسیاریش لە دوا قۆناغی ئینتێرنشیپەکەشم  کە ئایا ئەو پرۆژەیەی دەستم پێی کرد لە بەرژەوەندیی خۆشگوزەرانیی پەنابەرە ڕۆشنبیرەکان بووە، یاخود زیاتر دەربارەی کەرەستە، داخوازییەکان، زیادبوون و فراوانبوونی سیستەمی سەرمایەداری و ئابووری بووە؟ بەشێوەیەکی دیکە ئایا جیهانی باڵای پیشەسازی، سەرمایەداری و سیستەمی ئابووری هەست و سۆزیان هەیە بەرامبەر بەوانەی بۆ مانەوە و سوودی خۆی بەکاریان دەهێنێ؟ پێموایە دەتوانین ئەم پرسیارە لە ملیۆنان کرێکار بکەین کە بەتەواوەتی لە جنۆکەکانیشیان دایان بڕاندوون و ناچار کراون کار بکەن، ئەویش تەنها بۆ بەرگریکردن لە مانەوە و بوونی فیزیکیان لەم جیهانەدا هەر وەك چۆن پێشتر باسم کرد.

ئێستا بگەڕێینەوە سەر گفتوگۆکەم، ڕەنگە ئەم تێڕوانینەم زۆر ڕەشبین و ڕەخنەئامێز بێت بەرامبەر بە دونیای مۆدێرنیتێی ئەمڕۆ و ئەو سوود و داهێنانە ئێجگار زۆرانەی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی تا ئێمە بتوانین  تامی ئازادی ڕەها بچێژین، ئەویش بە گەشتکردن ، ئەنجامدانی ئەو خولیا وەرزشانەی کەیفمان پێی دێت و چێژ لەو خواردن و تامانە لە سەرانسەری جیهاندا وەربگرین. هەرچەندە قسەکەی من لەسەر ئەوەیە کە هەموو ئەمانە ڕووکەشین، ئەوە تەنها ڕووکارە دەرەکییەکەیە، توێکڵی پیازەکەیە، کاتێك زیاتر قووڵ دەبیتەوە لەو ئازادییە رووکەشە، لەوە تێدەگەیت زۆر سنوردارە و تەنها بۆ گروپێکی خواپێدراو و خەڵکی وڵاتە زۆر مۆدێرنەکانە. زۆرینەی کرێکارانی چینی ناوەڕاست فریودراون و بەو هێزە ئابوری و کۆمەڵایەتیانە کاریگەرن. دەیانەوێت ئەو ئازادییە ڕەهایە بە پەیوەست بوون بەچەند نۆرم و بەهایەکی سەپێنراو بەدەست بهێنن، لە کاتێکدا زۆرێك بەهۆی ئەو پرۆسە وێرانکاریەوە بە چەندین ڕێژەی جیاواز و بەهێز بە خودی خۆیان نامۆ بوون.  بەڵام لێرە و لەوێ هەرتووشی سنورداریی و وپارێزبەندی دەبنەوە، لەناو سیستەمێکدا کە زۆر خنکێنەر و بێ ڕەوشتە بەرامبەر ملیۆنەها خەڵك کە ڕۆژانە بەرگەی چەوساندنەوە و ئەشکەنجە دەگرن. بەم شێوەیە تا ئەو کاتەی هەموو تاکێك لەم جیهانەدا وەك مرۆڤێکی شکۆدار بەرز دەنرخێنرێت و دەتوانێت هەست بە ئازادیی بێسنور بکات، تا ئەو کاتەی چی دیکە ملیۆنان خەڵك لە هەموو جیهاندا بۆ هەست کردن بە ئازادی لە ڕۆژئاوای نوێخوازماندا بەتوندی کۆت و بەند نەکرێن و ئەشکەنجە نەدرێن، من وا هەست دەکەم ئێمە ڕووبەڕووی داڕوخانێکی هێواش دەبینەوە، داڕووخانی ئازادیی

ڕاستەقینەی تاکەکان. ئێمە نابێ لەپشت گەڵای بێبەهای مۆدێرنیتێوە چاوپۆشی بکەین و سازش بکەین لەسەر ئەو ئازادییە بنچینەییانەی کە لە زەوی دایکدا بەرجەستە کراون.

Bibliography


Anderson, B, Kevin. Marx at the Margins: On Nationalism, Ethnicity, and Non-Western
Societies. The University of Chicago Press, Chicago London, 2016.

Arendt, Hannah, ''The Origins of Totalitarianism'', A Harvest Book, Harcourt, INC: The United States of America, 1966.

Arendt, Hannah, ''The Human Condition'', Analysis. Retrieved, October 21st from:
http://www.the-philosophy.com/arendt-human-condition-analysis

Arendt, Hannah, Stanford Encyclopaedia of Philosophy. Retrieved, October 21st from:
https://plato.stanford.edu/entries/arendt/

City of Amsterdam, Zuidas, 2017. Retrieved, October 21st from:
https://www.amsterdam.nl/zuidas/english/

Durkheim, What is a Social Fact?, The Rules of Sociological Method, 1895.

Harvard Medical School, Astounding increase in antidepressant use by Americans, 2017.
Retrieved, October 21st from:
https://www.health.harvard.edu/blog/astounding-increase-inantidepressant-use-by-americans-201110203624

Marx, Economic and Philosophic Manuscript of 1844, in Classical Sociological Theory,
Calhoun, Craig, 2007.

Mills, The Sociological Imagination: The Promise, Oxford University Press, U.K: 1959.

Simmel, Georg, Fashion, The American Journal of Sociology, 1957.

Statista, Stress and burnout - Statistics & Facts, 2017. Retrieved, October 22nd from:
https://www.statista.com/topics/2099/stress-and-burnout/

Ingold, Tim, Introduction to Social Life: Questions of Sociality, in the Companion
Encyclopaedia of Anthropology, 1994.